GEP Karikatur Magazeen
No:123 25th April 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

# کێ ئەیکاو کێ دەیەوێت بیخوات !

باقی وەسەلام



رێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

زۆر شتی عەنتیکە هەن لەم دنیایە یەکێک ئەیانکاو خەڵکی تر دەیەوێت قووتی بدات بەبێ جوین، هەیە عارەقەی شین و مۆر ئەکاتەوە هەتا شتێکی بۆ خۆی پێ بکرێت کەچی لەپڕ ئاگای لەخۆی نییە، خەڵکی تر بۆی لووش ئەدەن ...

• خەڵکی خۆیان پیشاندا بۆئەوەی چاکسازی و عەدالەت بکرێت، کەچی ئاخیرەکەی موعارەزە خۆی پێوەنیشانداو ئەوان ون بوون و ئەمان کەوتنە بەر هەڵمات ....

• زۆرجار شۆرشێکی دەیان ساڵە چەند حزبێک ئەیکەن، دوایی چەند حزبێکی هەڵتۆقیوی ناو بەتانی و لێفەی گەرم بە ناوی دیموکراتیەوە لووشی ئەدەن ..

• بیستوچوار سەعات کرێکارو موهەندیس و موەزەفی کارەبا یان لەسەر عەموودن، یان لە بنیان ئیش دەکەن، کەچی عافەرینەکەی لە بۆ وەزارەتەکەیە ...

• عەمەلەی شارەوانی و سایقی کەپس گەرەک و کۆڵانەکان پاک ئەکەنەوە، بەڵام یەکسەر دەستخۆشیەکەی بۆ عموومی بەشەکەیە ...

• تەلەبەیەک شەووڕۆژ نان وئاوی لە خۆی حەرام کردوەو ئەخوێنێ، کە ئەبێت بە یەکەم.. یەکسەر ئەڵێن فلان قوتابخانە یەکەمە لە ئاستی وڵات ..

• منالّ هەیە سالّحەو زیرەکەو ئاقڵەو ژیرە و دەنگی داوەتــەوە، کەچی نەتیجەکەی پێش خـۆی دایکوباوکی ئەیخۆن ..

• عومەن حکومەتی سەدام و بەعس ئەمریکا هات و بە هـەزار بێنەوبەردە رووخانی، کەچی ئێستا سیاسیەکانی عراق وەک خۆیان کردبێتیان وای دەخۆن ...

• مونەزەمەیەک لەوپەڕی دنیاوە دێت پرۆژەیەک بەخێر ئەکاتەوە، رۆژی کردنەوەی مەسئول ئیدارەی مەنتیقەکە بە مەقەستەکانەوە ئەیکات بە هی خۆی ...

• بیست ساڵە بەرد بەردو عەمود عەمودو دیوار دیوار هەتا تۆزێک کوردستان رۆحی بەبەر کراوەتەوە، کەچی کاسبێکی سیاسی لە ئەوروپاوە هێنراوەتەوە ئەیوت : من ئەیرۆخێنمەوەو دوایی بۆیان درووست ئەکەمەوە!!

• یاریکەرێک شین و مۆر ئەبێتەوە هەتا پاس ئەدات بە گۆڵکارەکە، دوای گۆڵەکە عیبادولبەشەر ناوی نابات ...




بێ توانج

کاریکاتێر

پەروەر

مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
سالی حەوتەم ژمارە(١٢٣) ٢٥/٤/ ٢٠١١
بەکاتی شەڕە هەڵمات و دارلاستیق
123
ژمـــارە
www.gep-media.com
Email:www.gepgovar@yahoo.com
سوبعەت تاسەر ئێسقان




کاریکاتێر: سالم سەلیم

ئای بێنن بێنن بێنن.. حەبی زەختم بۆ بێنن.. پۆلیس و خۆپیشاندەر.. خەریکی هەڵماتێنن
مزریت دەڵێی ڕێواسی.. ترشی وەک دیموکراسی.. ئاشتییان وا سکراب کرد.. بیست ساڵی تر نەیناسی
ئەم دێ ئەو ڕیسوا ئەکا.. ئەو دێ ئەم ڕوو ڕەش ئەکا.. هەرکەس بەناوی وەهمی.. بەیياننامە دەرئەکا
دوێنێ یارو ئەمڕۆ یار.. عەلی و قەززافی و بەششار.. بۆگیانی هاووڵاتیان .. خۆیان کرد بە گورگی هار



کاریکاتێری:
سۆران کوردپور ..ل٣٦



غەڵبەغەڵب

# دیموکراتگۆج و دیموکراتسز

محەمەد قادر

دیموکراسی.. یەکەم عامودی کارەبای ڕەئیسیی کۆمەڵگەی مەدەنییە، مەدەنیەتیش یەعنی هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانە، مرۆڤدۆستیش یەعنی دۆستایەتی کردن، لە دۆستایەتیشدا ئاشتی و ئارامی هەیە، دوای ئەم هەموو حەمکە شتانە ئینجا دیموکراسی لە هێلکەکە دەجوقێ. ئیتر نازانم کە دەسەڵات و ئۆپۆسزیۆن و خۆپیشاندەر هەموویان باسی دیموکراسی ئەکەن، شەڕە بەردو دارو کێبڵ و هەڵمات و فیشەک چ ڕەبتێکیان بەم ووشەیەوە هەیە؟!

ئەرێ بەڕاست دیموکراسی بریتیە لەدەم وفلّق شکاندن و سەروگوێلاک قوپاندن و لەش و لار خوارکردن و مرۆڤ گۆڕبەگۆڕکردن؟!

ئەم نەوعە دیموکراسییە لە قوتوی هیچ عەتارێکی دنیادا نادۆزرێتەوە، گەر بمانەوێ بیئاخنینتە ناو کتێب و چاوگی فەرهەنگە مەدەنییەکانی نەتەوەکاندا، بە پێلەقەش جێی نابێتەوە!

ئاخر کە هەموو لایەنەکان پێکەوە ئەم دیموکراسییە شەق و شڕە وەک تورەکە ڕەشەکانی مارینز ئەکەن بەسەرماندا، شوێنێک بۆ مانا عەصلییەکەی ئەمێنێتەوە؟

* حکومەت و خۆپیشاندەر بۆ چارەسەرکردنی دیموکراسی، شەڕە فیشەک و بەردو هەڵمات ئەکەن.

* پۆلیسی چالاکی مەدەنی بۆ پاراستنی دیموکراسی، هاوڵاتیانیش بەحسابی خۆپیشاندانی دیموکراسییانە، هەردوولا بە تلە بەرد لاچاوی دیموکراسییان کرد بەسێوە لا سوورە!

* دەسەڵات بە 17 خاڵ و ئۆپۆسزیۆن بە 7 و خۆپیشاندەر بە 22 خاڵ، خاڵخاڵۆکەکانی دیموکراسییان خاڵباران و خاڵ خنکێن کرد.

* لەژێر کڵاوی دیموکراسیدا.. ڕاگەیاندنی ئۆپۆسزیۆن خۆی کردۆتە فریشتەو حکومەتیش بە دێو، ڕاگەیاندنی دەسەڵاتیش حوکمەتی کردۆتە پەری و ئۆپۆسزیۆنیش دەعبا.

* ئۆپۆسزیۆن بە کۆمەڵێ کادیری دوو مووچەوە ڕاپۆرتی گەندەڵییەکانی دەسەڵات دیموکراسی سز دەکات، دەسەڵاتیش بە پاشەڵی گەندەڵەوە نەسریەو مووچەی کادیرانی ئۆپۆسزیۆن دیموکراسی سووک دەکات .

دەسەڵات دەستی کردووە بە تەسلیم کردنەوەی موڵکی حوکمەت، کەچی ئۆپۆسزیۆن دیموکراتگۆجانە هەر ئەڵێ: ئەبێ تەسلیمی بە ماڵی هاوڵاتیانی بکەنەوە! گەر داوایەکی ئۆپۆسزیۆنیش بشوبهێتەسەر داواکارییەکانی خەڵک، دەسەڵات دیموکراتلارانە پێیدەڵێت: سواری کەرە شەلی داواکارییەکانی خەڵک بوون.

* دەسەڵات ئەڵێ: پۆلیسە گوناحە بێ دەست و قاچ و بەستەزمانەکان بەفەقیری دانیشتبوون، کەچی کەوتنە بەر هێرشی نادیموکراسییانەی خۆپیشاندەرە چەقاوەسووەکان! ئۆپۆزیسۆنیش دەڵێ: خۆپیشاندەرە هێمن و ئارام و لەسەرخۆو بێ دەنگ و سڤیل و خێر لەخۆ نەدیوەکان تەنها دوو لافیتەو چوار داواکاریان بەرز کردبۆوە، کەچی کەوتنە بەر فیشەکی نادیموکراسییانەی پۆلیسە بەڵتەجییەکان!

* ڕاگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن لەپاڵ خۆپیشاندەراندا مایکەکە لەبەردەستی نووسەرو شاعیری کچە ئەنفالکراوو خەڵکانی دەرەوەی خۆی فرێ دەدات و بە فەتوای دیموکراسی هەڵفڕاندنی حەڵاڵ دەکات، راگەیاندنی دەسەڵاتیش بەدەستێک کامێرای دیموکراسیی پێیەو بە دەستەکەی تر بەرد ئەهاوێتە خۆپیشاندەر!

* لە مەعبێنی ئەم هەموو دیموکراتفرۆش و دیموکراتسز و دیموکراتکوژو دیموکراتخوارو دیموکراتگۆج و دیموکراتسووک و دیموکراتفڕێنەدا، حکومەت و دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و خۆپیشاندەر ، سەرەڕای ئەو هەموو شەق و شڕکردنەی دیموکراسی، کەچی هەموو بە یەک ئیقاع و یەک نۆتەو یەک نەغمە بە کۆڕس پێکەوە دەڵێن: بە ئاشتی و دیموکراسی!!

پەروەر





ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

# خۆڵو خاشاکو پۆخڵەواتی شەفاف!

لەهەموو شتێکی برادەرەکەم ڕازیم، تەنیا لە یێک ئەتواری ناشیرینی نەبێت، ئەویش ئەوەیە زۆر کۆنەپەرستەو حەزی بەنوێکردنەوەو گۆڕانکاری نییە! ناوێرم هەر لۆ فشەی قسەیێ بکەم، یێکسەر ناوی کۆمەڵێ دەعبای چەرخەکانی بەر لەزاییینی گەنجانی تووڕەو ناڕازی ئەم سەردەمە دەبات. وەک خانیو مانی، نالیو مالیو، کوردیو موردی، سالمو مالمو، حەمدیو نەمدی، قانیعو مانیع، گۆرانو مۆرانو نازانم کێو کێ!! گوایە هەر ئەوانە شاعیرن! نەگبەتییەکەی منیش لەوەدایە ئەو برادەرەم هەموو شیعرەکانیانی لەبەرە.

کێ ئازایە وشەی شیعرێکی ئەو ڕەزاو قانیعانە بە غەڵەت بخوێنێتەوە؟ خێرا دەڵێی مەلا بڕنووتی ئاشنامە. ئەو کوێری لەعنەتیەیش کە لە ژیانیدا بەزمانەکەی خۆی جوملەییکی موفیدی بەڕاستی نەوتووە! چ قوورەتە وشەیێکی قورعان بە هەڵە بخوێنیتەوە، قوشقی دەبێو وادەزانێ کابە کەچ بووە!

هەر بۆئەوەی برادەرەکەشم وەک مەلا بڕنووتی ئەوەندەی دی قوشقی بکەم.. پێموت: مەلا حەمدوون سەدەیێک لەمەوبەر، هەر وەکو باسی ئەمڕۆمان بکات لە شیعرێکیدا دەڵێ:

لە مەیدانی ئازادیا صەفیان دەبەست شێخو مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت سینەمای سیروان بوو!

خێسەیێکی لێکردمو وتی: ئەوە شیعری شێخ ڕەزایەو مەیدانی ئازادیو سینەماو تەڕەماشی چی!

بۆئەوەی زۆر لەسەری نەڕوا، دەمزانی پیرەمێری زۆر خۆشدەوێ. یێکسەر پێموت: ئال مەسرەفی هەمزاغازادە دەڵێ: (چەپکێ لە گوڵی باخی بەرەڵڵا.. کە بە خوێناوی میللەت ئاودرا)

هەردوو چاوی پەڕیە پشتی سەریو باشبوو چەکی پێنەبوو، دەنا دەیکردمە عەولە سیسی ئەم سەرای ئازادییە! وتی: ئەرێ تۆ تەواوی؟ بەم تەمەنەوە وڕێنە دەکەی!

بۆئەوەی بیهێنمەوە تایم.. پێموت: هاوڕێ دەزانم تەواو نیم، حەزدەکەم زۆر بەجدی قسەت بۆبکەمو ئەوانەت بۆ ڕوونبکەمەوە، من وەکو پیرەمێردێکی تووڕەو ناڕازی حەزم بەوەیە هیچ شتێ وەک خۆی نەمێنێتەوەو لە گۆڕاندا بێ، ئەو شیعرانە باس لە (بەر دەرکی سەرا) دەکەن. تخوا (ئازادی) خۆشە یان (بەر دەرکی سەرا)؟ ئازادیش، هەمیشە هاوواتای (بەرەڵڵا)ییە. جاران دەیانوت دەمانەوێ کۆمۆنیستەکانی نێو زیندان (ئیتلاق صەراح)، واتا (بەرەڵڵا) کرێن! ئێستە کۆمۆنیستەکان ئامادەن نوێژو غەزاش بکەن! بەمەرجێ سەری مزگەوتەکان بەرەڵڵاو بێ سەقف بن.. وەک بەردەرکی سەرا.

کەواتە (بەرەڵڵا)و (ئازادی) هاوواتانو! ئیدی دوای ئەو کەمە دەسکاریو گۆڕانکارییەی بۆم کردن، چ عەیبێ لەو شیعرە کۆنانەدا نەماو. ئێستە بەئاسانی دەتوانی لەتەک جوانترین شیعرو خۆشترین گۆرانی ئەم ڕۆژگارەدا بەراوردیان بکەی، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو هەموو عیلمو فەلسەفەو جیهادو وەتەنییەتەی لەو گۆرانییەدان، ڕۆژانە سەدان جار دەیلێنەوەو، دەنگم لێهەڵبڕی:

بەگەنجی قاروونی نادەم خۆڵو خاشاکی کۆڵانی......

وتی: دەزانم دەبزڕکێنیت، لێ نازانم بەچی ئەوەوە موعجیبی! سەرچاوە ئیسلامییەکان دەڵێن: شەستو ئەوەندە حوشتر لەژێر باری کلیلی گەنجینەکانی قاروون‌دا پڕووکابوون و دەیاننالاند؟

وتم: ئۆخەی! باشبوو گەیشتینە یێکەمین خاڵی لەیێک تێگەیشتنو، چارەسەری یێکێک لەو خاڵانەی لە لیستە جیاوازە 7خاڵیو 17خاڵیو 22 خاڵیو 24 خاڵییێکاندا نەهاتووە! ئیدی جەماعەت لە تەلەڤزیۆنەکانیانەوە، نە باسی بوودجەی هەرێم دەکەنو، نە لە کەناسەکانی کۆمپانیای (شینکی) بۆ خاوێنکردنەوەی کۆڵانی شار لە خۆڵو خاشاک تووڕەبن! چونکە بەم حسابەی خۆیان، نرخی هەر گرامێ لە خۆڵو خاشاکو پۆخڵەواتی سلێمانی لە هەناردەی ساڵانەی هەموو نەوتی باباگوڕگوڕو بودجەی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترو شەفافترە!.